# سەدام حسێن لەسەرە تاوانبارێکی گەورەوە بۆ قارەمانێکی مێژوویی!

عبدالله مەحمود
abdulla.mahmud@gmail.com

بەرواری30-12-2006 سەدام حسێنی سەرە جەلاد، بەتاوانی کوشتنی 143 کەس لەگوندی دوجێلی باکوری بەغدا، لە سێدارەدراونمایشی لەسێدارەدانەکەی لە کەناڵە ڕاگەیاندنەکانی دنیادا نیشاندرا.

دیارە سزادانی سەدام حسێن و سەرە تاوانبارانی بەعس بۆ بەردەم داداگایەکی عادلانە و ئاشکرا وە بیلایەن ، خواستێکی بەرهەق و ئینسانی هەموو بەرەی ئازادیخوازی عێراق و ناوچەکەو دنیا بوو.

هەموو ئەم تاوانانە کە بەعس و سەدام حسێن وەکو گەورە جەلادێکی بزوتنەوەی قەومی عەرەبی بەعس، وەڕێیانخست و مێژووی کۆمەڵگای عێراقیان خەڵتانی خوێن کرد، دەبوو سزای ئەم تاوانانە وەربگرن وناویان لەڕیزی سەرانی ئینسان کوژی وەك هیتلەرو مۆسۆلۆنی......بێت و ببنە جێگای نەفرەتی دەیان و سەدان دەهەی داهاتووی ئینسان و لەوەش واوەتر ناو وکارنامەیان بۆ هەرگیز لەبیر بەشەریەت نەچێتەوەو لە ئەرشیفی زیندووی دنیادا جێگای تایبەتی پێبدرێت.

بەڵام سزای سەدام حسێن و شێوەی بەڕێوەبردنی سزاکە لەدرێژەی هەمان سیستەمی دادگاییکردنەکەی دابوو، کەدەکرێت بڵێن دادگای شێواندنی ڕاستیەکان، دادگای دادگاییکردنی ڕاستی و حەقیقەت، دادگای بەدادگاکیشانی قوربانیان و گەورەکردنی جەلاد بوو.

هەڵبژاردنی ڕوداوی دوجێل، بۆ دادگایکردانی سەدام حسێن و سەرانی، وێنەیەکی ڕۆشنی لەسەر ململانێی سیاسی سەرساحەی سیاسی عێراق پیشاندان، وێنەیەك کە تیایدا لەهەموو بارێکەوە سەلماندی کە کۆمەڵگای عێراق بەرلەوەی خاوەنی یاسا و حکومەت بێت، خاوەنی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی میلیشیایی و ڕادەی پانتایی و قەڵەمڕەوی ئەودەسەڵاتەیە. ئیسلامی سیاسی بەو پێ یەی بەشی زیاتری لەدەسەڵاتدا پێبڕاوە، لە هدنەی خۆیدا لەگەڵ لایەنەکانی تر لە عێراقدا، ڕوداوی دوجیلی بۆ دادگایی سەدام هێنایە گۆڕ و لە بەرامبەردا دادگای کردنەکەی سپارد بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان.

دیارە هەڵبژاردنی ڕوداوی دوجێل و کردنی بە فایلی یەکەم( کە نمونەیەك لە وەحشیگەری بەعس بوو) بۆ دادگایی تاوانباران، بۆدورخستنەوەو کەنارخستنی هەڵدانەوەی پەروەندەیەکی گەورەتربوو پەروەندەی" کوشتار بەکۆمەڵی وەکو ئەنفال و کیمیاباران"، کە چ سەدام حسێن و ڕژێمەکەی و دۆستە قەدیمیەکانی وەکو ئەمریکاو غەرب چ حەکیم و تاڵەبانی و بارزانی و چەلەبی و بزوتنەوەکانیان لەو پەروەندەیەدا، بەشیان هەبوو.

جگە لەهەموو ئەمانە بەڕێوەچونی دادگاکە و بەتایبەتیش وەڕێخستنی دادگایەکی وڵاتی یان دەوڵەتی و لۆکاڵی بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی وەکو سەدام و گەورە تاوانبارانی تری بەعس کە بەرپرس بوون لەبەکارهێنانی چەند جارەی چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی وەکو ناپاڵم و بومبی هێشوویی، و بەکارهێنانی غازی خەردەل و سیناید، ژێرخاککردنی بەکۆمەڵی خەڵك" جێگای ڕامان و پرسیارگەلێکی زۆر بوو.

بەڕاستی ئەگەر ئینسان گیرۆدەی تەعەسوبی عاتفی وئەخلاقی، یان بەرژەوەندخوازی کێشمەکێشی لایەنە قەومی و دینیەکان و کارکردو پەیامیان نەبێت، بەسادەیی دەتوانێت بڵێت دادگا تەنها سەکۆیەك بوو بۆ نمایشی سیاسی و هەڵرشتنی حەقدی تایفی و قەومی.

بەکورتیەکەی ئەو دادگاییەی بۆ سەدام و سەرەتاوانبارنی بەعس ڕێکخرا لەجێگای ئەوەی دادگایەکی سەربەخۆی وڵاتێك و دەوڵەتێك بێت و لەسەر بریاروئیرادەی دانیشتوانی خەڵکی عێراق چواچێوەی پێدرابێتەوە، یان شوێنێك بێت بۆ نیشاندانی حەقیقەت و بەسزاگەیاندنی تاوانباران، دادگای دەستی داگیرکاری ئەمریکاو ( کە بەوێنەی جەلاد و لەناوبردنی ملیۆنەها ئینسان بەچەکی ناوەکی و بایۆلۆژی لە یابان و فیتنام ... تاوانبارە) ئەو هێزە ڕەشانە بوو کە لەماوەی 3 ساڵ و

نیوی ڕابردوودا، وبەو دەسەڵاتە میلیشایی و دژی یاساییەی هەیانە بەواقعی وبەکردەوە ڕووی تاوانبارانی بەردەم دادگایان سپی کردەوە.

لە سێدارەدانی سەدام بەو پێشینەی دادگایی کردنەوە، بەدەستی ئەم هێزە کۆنەپەرستە ئیسلامیانە و بەو ختابەئاشکرایانەی تاقمە ئیسلامیەکان و بەم شێوازە نائینسانی یە و نیشاندانی لە کەناڵەکانی دنیادا تائەوڕادەیەی مناڵان بە یاری بزانن تا حەقیقەت* و خۆیان هەڵبواس، هێندەی تر پرۆسەی دادگایەکەی ڕیسواکردو سەدبەرابەریش زیاتر تف و نەعلەتی بەو سزا قێزەونەی حوکمی ئیعدامدا باراند، کەتەنها لای هێزە ڕەشەکان و میلیشیاکانیان و دەوڵەت و هێزە ملهورەکان و دیکتاتۆریەکانی ئەمریکای لاتین و شێخەکان ی ناوچەکە ماوە .

لەسێدارەدانی سەدام لە لایەن میلیشیاکانی ئیسلامی سیاسی و حکومەتی قورغکراوی ئەوانەوە، لەژێر سایەی داگیرکاری ئەمریکادا و لەنمایشێکی ئاشکراداو بەبەرچاوی کەناڵەکانی دنیاوە، نەك پانتای تاوانبار بوونی سەدام و ڕژێمەکەی بەوێنەی ڕەمزی جینۆسایدو کوشتاری بەکۆمەڵی ئینسان، هێنایە خوارەوە، و ڕژێمی بەعس و سەدام حسێنی لەچاوی ڕای گشتی و جەماوەری دنیا تاڕادەیەکی زۆر مەعاف کرد، بەڵکە لەوەش واوەتر ڕای گشتی و جەماوەری لەسەراسەری جیهاندا لە ئیدانەی کارنامەی بەعس و سەدام حسێنەوە گۆڕی بە ئیدانەکردنی ئەم ڕەفتارە قێزەونەو تەعاتوف نیشاندان بۆ سەدام.

لەسێدارەدانی سەدام بەدەست ئەم ڕەوت و دەستەو تاقمە ئینسانکوژانە کە عێراقیان کردۆتە سەکۆی گەورەترین کوشتاری ئینسان لەدنیاداو بیشەرمانەش شانازی بە سەربرین و لەسێدارەدان و کوشتنی ئینسانەوە دەکەن. سەدام حسێنیان بە لەسێدارەدان لەگەورە مجرێمێکەوە کردە قوربانی کە دەبێ ئینسان تەئەسوف بۆ بکێشێت!!.

ئەوەی کەوای لە سەدام حسێنی دیکتاتۆر کرد، بەورەیەکی بەرزەوە بچێتە بەردەم پەتی ئیعدام و ڕێگە بگرێت لەوەی چاوی ببەستنەوەو پاشانیش بەدەم گەرمیەوە سوکایەتی بەنمایشی دادگاو ئیعدام کردنەکە بکات، و وەڵامی هوتاف کێشانی ڕوح کێشەکان بداتەوە، کارنامەی سێ ساڵ و نیوی ئەو ڕەوت و تاقمانە بوو کەبەڕاستی وایان کردووە نەك هەرسەدام حسێن بەڵکە باقی گەورە دیکتاتۆرەکانی دنیا لەبەرامبەریاندا هەست بەشانازی و لەسەرحەق بوونی خۆیان بکەن و هەموو کارو کردوەیەکی ئەمانە بکەنە مەسخەرە لەبەردەم ڕای دنیادا و ڕووی خۆیان بە نیشاندانی کارنامەی ئەمانە سپی بکەنەوە.

سەدام حسێن بەوپەڕی شانازی بەخۆوە کردنەوە لەژێرداری ئیعدامکردندا وەستا ئەمە هەرتەنها دڵڕەقی و نەمانەوەی ئیحساس، یان ئازایەتی نەبوو، بەڵکە ڕاگەیاندنی وەستانەوە و مقاوەمەتی کۆتایی بوو بۆ لەسەرحەق بوونی خۆی بەرامبەر بەم دڕندانەو ڕەفتارەکانیان و دادگاکەو پرۆسەی ئیعدامکردنەکەدا.

لەکاتێکدا ئەگەر دادگاکەو سزدانی سەدام لەلایەن دادگایەکی عادلانەو ئاشکرای بێلایەنی نێودەوڵەتی بوایە، نەك سەدام حسین شەهامەتی ئەوەی نەدەبوو گاڵتە بکات بە دادگاو سزا، بەڵکە بەنیشاندانی دیکۆمێنتەکان و لستێکی بێسنور لەدڕندەیی و تاوان و ئاشکرابوونی تەواوی فایلەکان و هاوکارەکانی نەك هەر ڕووی سەربەرزکردنەوەی نەدەبوو بەڵکە لەجێگای ئەوە بەوێنەی تاوانبارێکی مێژووی و سەرشۆڕ لەدنیادا دەرئەکەوت، دادگاش بەبڕینەوەی حوکمێکی هەتاهەتایی دەیتوانی، لەجێگای لەسێدارەدان، لەزیندانادا بیکاتە عیبرەتی مێژوویی، هەموو دنیاش لەجیاتی بەناحەق نیشاندانی دادگاو بەڕێوەبردنی سزادا بەسەری، مۆری تەئیدیان ئەدا لەدادگاو بڕیاری دادگایەکی ئاوا نێودەوڵەتی و بێلایەن و سەربەخۆ، ئەوکاتە و سەدام حسێن دوای مردنیشی بەوێنەی ڕەمزی جینۆسایدو کوشتاری بەکۆمەڵ لەپەنای هیتلەرو مۆسۆلۆنی و ناوی دەهێنراو دەناسرا و لیستی تاوانەکانیشی لە ئەرشیفی کۆشتاری ئینساندا دیکۆمێنت دەکرا.

لەسێدارەدانی سەدام بەدەستی تاوانبارە ئیسلامیەکان و قەومچیە شاگردەکانی بەعس، کە بەکردەوە نیشانیانداوە نەك جیاوازیان لەگەڵ بەعس نی یە، بەڵکە ئەگەر فرسەتی گەورەبون و پێگرتنیان پێببڕێت و دەسەڵات لەدەستی خۆیان لەئێستا زیاتر چڕبکەنەوە، یان بەتەواوەتی لەدەستی خۆیاندا کۆی بکەنەوە بێگومان ڕەفتارو سیاسەتەکانی سەدام حسێن و بەعس لەچاو ڕەفتارو سیاسەتی ئەمانە لەیاریەکی مناڵانە زیاتر نابێت. ئەم تاوانبارە کرێگرتانەی ئەمریکاو جمهوری ئیسلامی هەرئێستا شەوانە سەری سەدان ئینسان تەنها لەسەر ناو و ناسنامە ئەبڕن و بەڕۆژیش لە پەرلەمانەکەیاندا بە هێنانی بڕیارو قەراراتی کۆنەپەرستانە عەبا ئەکەن بە بەری کۆمەڵگاداو کۆمەڵگا حجاب بەسەر ئەکەن و یاساکانی بەعسیش لەپاڵ یاسا دژی ئینسانیەکانی ئیسلامی محەمەد ی و عەلیدا، دادەسەپێنەوە.

**لەسێدارەدانی سەدام بەو دڕندایەتی یە کەم وێنەیە لەلایەن دڕندەکانی ئێستای عێراقەوە، هەروەکو سەکۆی دادگاکە شوێنێك بوو بۆ هەڵڕشتنی حەقدی قەومی و تایفی، لەسێدارەدانی سەدام لەلایەن میلیشیای شیعەوە و لەیەکەم ڕۆژی جەژنی موسوڵماناندا، بەهوتافکێشان بەسەر سەدردا، جگە لە قوڵکردنەوەی ئەم حەقدە تایفی یە زیاتر هیچی تر نییە، هەروەها ئاگادار نەبوونی جەلال تاڵەبانی و بەهەند نەگرتنی ئەو بەوێنەی سەرۆك کۆماری عیراق و ئاگادار نەکردنی بارزانی وبەهەند نەگرتنی ئەویش بەوێنەی سەرۆکی هەرێمکێی فیدراڵ!!ی عێراق، دیسان لەڕوانگەی میلیشیاکانی شیعە و خەڵکەوە بەمانای سوکایەتیکردن بە جێگاو ڕێگای بزوتنەوەی قەومی کورد لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا مانا دەکرێتەوە.**

**سەدام حسێن لەدڕندەیەکی سەردەمەوە، بە لەسێدارەدانی بەدەستی دڕندە تازە بەدەسەڵات گەیشتوەکانی میلیشیاکانی ئیسلامەوە، کرایە سەرکردەیەکی میژوویی لەدنیای عەرەب و تاڕادەیەکیش لەئاستی ڕای گشتی دنیادا.**

**هەر ئەمەشە وایکرد کە جگە لەکۆمەڵێك دەسەڵاتی میلیشیایی عێراقی و جمهوری ئیسلامی ئێران و ئیسرائیل و کۆمەڵێك موچەخۆری ئەم لایەنانە زیاتر کەسی تر مۆری تەئید نەدات لە سزادانی سەدام. بەو پێچەوانەشەوە زوربەی دنیا چ لەسەر ئاستی رەسمی و جەماوەری کەوتنە ئیدانەکردنی ئەم رەفتارەی ئیسلامیەکان و سزدانەکەو شێوەی بەڕیوەبردنەکەی و تەعاتوف نیشاندان بۆ گەورە دیکتاتۆرێك کە زیاتر لە سیٚ دەهە کۆمەڵگای عێراق هاڕی و لەخوێن هەڵکێشا.**

**ماوەتەوە ئەوە بڵێم، کە لەسێدارەدانی سەدام لەلایەن میلیشیاکانی ئیسلامی سیاسی یەوە، فایلێکی تر دەکاتەوە بۆ قوڵکردنەوەی کێشمەکێشی تایفی لەعێراقدا، و ئەبعادی شەڕی تایفی فراوانتر دەکاتەوە.**

**ئەرکی بەرەی ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازی دنیایە، کە لەڕاستای بەدیکۆمێنتکردنی تاوانەکانی سەدام حسێن و ڕژێمی بەعسدا، هەموو هەوڵێکیان بخەنەگەر و نەهێڵن بەو سیناریۆ قێزەونە پەردەپۆشی تاوانە نێودەوڵەتیەکانی سەدام حسێن و ڕژێمەکە بکرێت، وەدەبیٚ سەدام حسین و سەرەتاوانبارانی تری بزوتنەوەی قەومی عەرەبی–بەعس وەکو تاوانباری جەنگ لەدژی ئازادیخوازی و خواستەکانی خەڵکی عێراق و ناوچەکە وە لەدژی خەڵکی کوردستان و بەوێنەی ڕەمزی جینۆسایدی ئینسان بناسرێنرێت و ناوو ڕەفتارەکانیان لەڕیزی هیتلەرو مۆسۆلۆنیدا دابنرێت و هەوڵبدرێت ئەوخۆشباوەریەی کە بەهۆی ڕەفتاری بەچکە سەدام حسێنە ئیسلامیەکان و کرێگرتەکانی ئەمریکاوە سەبارەت بەماهیەتی واقعی و تاوانباربونی سەدام حسین لە ئاستی دنیادا پێکهات، بڕەوێنرێتەوەو هاوکات لەهەرچی زیاتر ماهیەتی بەچکە سەدام حسێنەکانی ئێستای عێراق، بۆ دنیای ئەم سەردەمە ئاشکرا بکرێت. تا زوو یان درەنگ لەدادگایەکی عادلانەو ئاشکرای سەربەخۆی بێلایەندا، سزای تاوانەکانیان دەرهەق بەخەڵکی عێراق ، وەربگرن. و دادگاو سزادانش مانای واقعی خۆی پەیدابکات.**

**بەکردەوەش کار بۆ نەهیشتنی سزای ئیعدام بکریت، کە بەڕاستی دیل کوشتنێکی ئاشکرایە.**

2007–1–4

*** بە پێی هەواڵێك دوومناڵی پاکستانی، لەگەڵ ماڵەوەیان فلیمی لەسێدارەدانی سەدامیان تەماشا کردووە، وایان زانیوە ئەمە جۆرێکە لەیاریکردن، بۆیە لەکاتێکدا کە هەردوکیان خەریکی دوبارە کردنەوەی ئەو فلیمە دەبن لەژورەکەی خۆیان، یەکێك لەومناڵانە کە تەمەنی 9 ساڵ ئەبێت،بەپانکەی ژورەکەی خۆیانەوە خۆی هەڵدەواسێت و گیان لەدەست ئەدات.**